DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.70



# بەکارهێنانی تویتەر بۆ کۆمیونیکەیشنی رامیاریی لەلایەن بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە

**د.نەوزاد سدیق محەمەد**

بەشی تەکنیکی میدیا- کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕی- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

nozad.sidiq@spu.edu.iq

## پوختە

تویتەر وەکو مایکرۆبلۆگێك، لە ئێستادا بووە بە کەناڵێك بۆ کۆمیونیکەیشنی رامیاریی، بەجۆرێك بووە بە سەکۆیەکی ئۆنلاین بۆ دیبەیتی سیاسیی و مشتومڕ لەبارەی کایەی سیاسی و دەربڕینی پشتیوانیی یان نەیاریی بۆ ئەم گروپ یان ئەو پارت. بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستان هاوشێوەی سیاسەتمەداران لەسەرانسەری جیهان، خزمەتگوزاریی تویتەر بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی کاردانەوە و چالاکییەکانیان بەهەر سێ زمانی کوردیی، عەرەبیی و ئینگلیزیی. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێویی بەکارهێنراوە بۆ تویتەکانی بەرپرسانی باڵای عێراق و هەرێمی کوردستان لەماوەی دوو مانگ، بەئامانجی زانینی ئەو ستراتیژەی بەرپرسان هەیانە لە بەکارهێنانی تویتەردا. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە: کەمترین کارلێك هەبووە لەنێوان بەکارهێنەرانی تویتەر و بەرپرسەکاندا. سەرەڕای کۆمێنتی زۆری فۆڵۆوەران و بە بەردەوام ریپلەیکردن بۆ تویتەکان، بەڵام تویتەر تەنیا کەناڵێك بووە بۆ گەیاندنی پەیام و هەواڵی بەرپرسەکان بە یەك ئاراستە، هیچ وەڵامێکی کۆمێنتەکانی فۆڵوەران نەدراوەتەوە. بەمانایەکی تر، هیچ جۆرە کارلێکێك (Interactivity) دروستنەبووە بەڵکو ئاراستەی پەیامەکان لە نێرەرەوە بووە بۆ وەرگر و لەو نێوانەدا هیچ کارلێکێك و هیچ دیبەتێك دروستنەبووە. هەروەکو بەرپرسەکان لە هیچ بارێکدا پەنایان نەبردووە بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی هاشتاگ (#)، کە خزمەتگوزارییەکە و لە لایەن تویتەرەوە بۆ بەکارهێنەران رەخسێنراوە بە ئامانجی کەمپینکردن بۆ هەر بابەت و دۆزێك کە بیانەوێت و، لەو رێیەشەوە فۆڵۆوەران دەتوانن تێچین بدەن لەسەر بابەتەکە و، لە تویتێك یان چەند تویتێکدا رای خۆیان بخەنەڕوو بەپشتیوانییکردن یان رەتکردنەوە. خاڵێکی تری جێی سەرنج ئەوەیە، ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بەرپرسان لەرێی تویتەرەوە بڵاویانکردوەتەوە، تێکەڵەیەکە لە تێکست و وێنە و ڤیدیۆ و لە هەندێك باریشدا بە حوکمی سنورداریی پەیامەکانی تویتەر، شۆرتلینك دانراوە بۆ پەیامەکان و درێژەکەی لە سۆشیاڵمیدیای تری بە نموونە وەکو فەیسبووك و یوتیووب بڵاوکراوەتەوە.

**کلیلە وشەکان:** تویتەر، کۆمیونیکەیشنی رامیاریی، کۆمێنت، هاشتاگ، فۆڵۆوەر، تویت



E-ISSN: 2790525-X

P-ISSN: 27905268-

## پێشەکیی:

لـە کاتێکـدا سۆشـیاڵمیدیای وەکـو تویتـەر بەئامرازێـك دادەنرێـت بـۆ بـە هێزکردنـی پرۆسـەی دیموکراسـیی لـە رێـی دروسـتکردنی پردێـك لەنێـوان هاووڵاتییـان و سیاسـەتمەداران (Coleman & Blumler, ٢٠٠٩)، بـەڵام بـە هێزکردنـی پرۆسـەی دیموکراسـیی لـە رێـی سۆشـیاڵمیدیاوە، تەنیـا پەیوەسـت نییـە بـە بەکارهێنانـی ئـەم جـۆرە میدیایـەوە، بەڵکـو پەیوەندیـی هەیـە بـە چۆنیەتیـی کۆمیونیکەیشـنی سیاسـەتمەداران، لـە رێـی سۆشـیاڵمیدیاوە. بـۆ نموونـە کارلێکـی کۆمیونیکەیشـنی ئـەو سیاسـەتمەدارانە لـە رێـی ئۆنلاینـەوە، وا دەکات پرۆسـەی کۆمیونیکەیشـنەکە دوو لایەنـە بێـت و کاریگەریـی ئەرێنـی دەبێـت لەسـەر بەشـداریی هاووڵاتیـان لـە کایـەی سیاسـیی (Kruikemeier, et al., ٢٠١٦). هـەر بەپێـی توێژینەوەیەکیـش؛ بایەخـی کۆمیونیکەیشـنی دوو لایەنـە، بەهێزکردنـی پرۆسـەی دیموکراسـییە (Tromble, ٢٠١٨)، ئـەوە لـە کاتێکـدا ئەکاونتەکانـی تویتـەری حکومەتـەکان و سـەرکردەی وڵاتـان و سیاسـەتداڕێژەران بەکاردەهێنرێـت، بـۆ پەیوەندییکردنـی راستەوخۆ بـە جەمـاوەری نـاوەوە و دەرەوە، وەکـو دیپلۆماسـێتیی گشـتیی یـان دیپلۆماسـێتیی دیجیتاڵیـی (Duncombe, ٢٠١٩).

لـەم توێژینەیـەدا تیشـکدەخرێتە سـەر مەبەسـتی بەکارهێنانـی تویتـەر لەلایـەن بەرپرسـە باڵاکانـی هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق و ئاسـتی بەکارهێنانـی ئـەم سـەکۆ ئۆنلاینـە بـۆ کۆمیونیکەیشـنی رامیاریـی.

## تویتەر وەکو کەناڵێکی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی

تویتـەر و سۆشـیاڵمیدیا هەمـە جۆرەکانـی تـر، بـە سـەکۆی ئۆنلاینـی مایکرۆبلـۆگ ناوزەد دەکرێـن و بەکارهێنانیـان ئاسـانە بـە هـۆی ئازادیـی گەڵاڵەکردنـی پەیامەکانیـان و سـانایی سـودمەندبوون لێیـان(Stieglitz & Dang-Xuan, ٢٠١٣). ژمارەیەکـی زۆری بەکاربـەران بەکاربەریـی ئـەم جـۆرە خزمەتگوزاریـی مایکرۆبلۆگانـە و بەکاریاندەهێنـن بـۆ گوزارشـتکردن لـە بۆچوونـە سیاسـیی و ئاینییەکانیـان (Cerón-Guzmán & León Guzmán, ٢٠١٦).

ژمارەیەکـی زۆری سیاسـەتمەداران لـە سەرانسـەری جیهـان، سـەکۆکەکانی سۆشـیاڵمیدیا بەکاردەهێنـن (Dolezal, ٢٠١٥) . گەرچیـی تویتـەر لـە بنەڕەتـدا وەکـو ئامرازێکـی گوزارشـتکردنی رامیاریـی، چالاکوانیـی و کامپینـەکان دروسـتنەکرابوو، بەڵکـو بـۆ ئـەوە دامەزرێنرا بواربـدات بـە بەکارهێنەرەکانـی وردەکاریـی ژیانیـان، زانیاریـی وێبسـایتەکان و تێبینـی لابـەلا لەگـەڵ یەکتـر بگۆڕنـەوە، بـەڵام لـە لایـەن سیاسـەتمەداران، بەرپرسـانی حکومـەت، چالاکوانـان، هـەواداران و لایەنگرانـی پارتـە سیاسـییەکانەوە ئاراسـتەکەی گـۆڕرا بـە جۆرێـك بـوو بـە نێوەندێـك بـۆ قسـەکردن و مشـتومڕ لەبـارەی سیاسـەتەوە، رێکخسـتنی کارە بـە کۆمەڵـەکان و دەربڕینـی پشـتیوانیی یاخـود رەخنەگرتـن لـە سیاسـەتمەداران و بابەتـە سیاسـییەکان، لەکاتێکـدا زۆرینـەی ئـەو بەکارهێنەرانـەی خۆیـان لـە نێـو ئـەم سـەکۆیەدا تۆمارکـردووە، خزمەتگوزارییەکـە بەکاردەهێنـن بـۆ مەبەسـتی کۆمەڵایەتیـی و کاتبەسـەربردن و بەشـێك لـە بەکارهێنەرانیـش سـوود لەتویتـەر وەردەگـرن بـۆ بەشـداریی سیاسـیی (Hargittai & Litt ٢٠١٢).

تویتـەر بووەتـە یەکێـك لـە گرنگتریـن سـەکۆ ئۆنلاینـەکان بـۆ مومارەسـەکردنی کۆمیونیکەیشـنی رامیاریـی (Political Communication) لەبـەر ئاسـانی درووسـتکردنی پەیوەندیـی لـە نێـوان هاووڵاتیـان، سیاسـەتمەداران و کەسـانی بڕیاربەدەسـت.

پێناسـەکردنی کۆمیونیکەیشـنی رامیاریـی کارێکـی ئاسـان نییـە، لـە بەرئـەوەی لـە دوو تێـرم پێکهاتـوە و دەکرێـت لـە دیـدی جیـاواز جیاوازەوە پێناسـەی جۆراوجۆریـان بـۆ بکرێـت. کۆمیونیکەیشـنی رامیاریی لە دیـدی بلومێر پرۆسـەیەکی ئاڵـۆز و فرەئاسـتە، سیسـتمی کۆمەڵایەتیـی، دامـەزراوە سیاسـیی، میدیاییـەکان و هاووڵاتیـان لەخۆدەگرێـت. لـە

ئاستێکی فراواندا بەڕێوەدەچێت و دەگاتە زۆر کایەی کۆمەڵایەتیی (Blumer ٢٠١٥). لە لایەکی ترەوە، دێنتۆن و و دۆرد، کۆمیونیکەیشنی رامیاریی بەوە پێناسەدەکەن، کە گفتوگۆکردنە لە بارەی تەرخانکردنی سەرچاوە گشتییەکان (داهاتەکان) و دەسەڵاتی فەرمیی کە دەسەڵاتی پێدراوە، یاسا دابنێت و جێبەجێی بکات لە پاڵ سزادان یان پاداشتکردنی ئەو دەسەڵاتە. بە مانایەکی تر، کۆمیونیکەیشنی رامیاریی دەکرێت بەشێوەیەکی سانا بوترێت، کە کۆمیونیکەیشنێکی مەبەستدارە لە بارەی سیاسەتەوە و، ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

١-هەموو فۆرمەکانی کۆمیونیکەیشنی سیاسەتمەداران و ئەکتەرە سیاسییەکانی تر، بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو.

٢-ئەو کۆمیونیکەیشنەی ئاراستەی ئەو ئەکتەرە سیاسییانە دەکرێت لەلایەن کەسانی ناسیاسەتمەدارەوە وەکو دەنگدەران و ستوونووسانی رۆژنامەکان.

٣-ئەو زانیاریی و هەواڵانەی بڵاودەکرێنەوە لە بارەی ئەو ئەکتەرە سیاسییانە و چالاکییەکانیانەوە لەمیانی راپۆرتە هەواڵەکان و سەروتارەکان و هەموو فۆرمەکانی گفتوگۆی میدیایی لەبارەی سیاسەتەوە (McNair, ٢٠١١).

پێویستە سیاسەتمەداران لە کاتی بەکارهێنانی تویتەر بە پێچەوانەی مایکرۆبلۆگەکانی ترەوە، بۆچوونو هەڵوێستە سیاسیی‌و کاردانەوەکانیان کورت و پوختبکەنەوە بۆ تەنیا (٢٨٠) پیت، کە قەبارەی هەموو تویتێکە، ئەمەش وا دەخوازێت ئەو کەسانە زۆر زیرەکانە کێشە جێی مشتومڕەکان و کاردانەوەکانیان بەرامبەر رووداوەکان و هەڵویستی کەسانی تر لەچوارچێوەی ئەو تویتانە جێبکەنەوە (Johnson & Goldwasser, ٢٠١٦). لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردە سیاسییەکان، بەرپرسیی حکومەت و وڵاتەکان لەم ژینگەیەی سۆشیاڵمیدیا کاردەکەن و، بە بەردەوامیی باسی قەیرانەکان و رووبەڕووبونەوەی لەرووداوەستانەوەکان (تحديات) دەکەن لە رێی پلاتفۆرمێکی وەکو تویتەرەوە (Duncombe, ٢٠١٩). جۆنسن‌و گۆڵدواسێر جەختدەکەنەوە لەوەی سیاسەتمەداران تویتەر بەکاردەهێنن بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوون و هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە رەوشی سیاسیی یاخود کاردانەوەکانیان سەبارەت بە رووداوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. لەبەرئەوەی هەمیشە هەڵوێستە لەسەر ئەوە دەکرێت؛ سیاسەتمەداران چ دەستەواژەیەك هەڵدەبژێرن و چییش فەرامۆشدەکەن، بۆیە ئەوان پەیامەکانیان بەشێوەیەکی زۆر شارەزایانە دادەڕێژن و، سەرەڕای سنورداریی کورت و درێژی تویتەکانیان، ناوەڕۆکەکەی ئاماژەکان بە ئاسانی دەگەیەنێت سەبارەت بە هەڵوێستی سیاسییەکان (Johnson & Goldwasser, ٢٠١٦).

## بەکارهێنانی سوشیاڵمیدیا لەلایەن سیاسەتمەداران و کاریگەریی لەسەر هاووڵاتیان

بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیا لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاووڵاتیان. بۆ نموونە ئەو سیاسەتمەدارانە باشتر هەڵدەسەنگێنرێن کە بە شێوەیەکی کارلێك (Interactivity) پرۆسەی کۆمیونیکەیشن بەڕێوەدەبەن، هەرچەندە زۆرینەیان سۆشیاڵمیدیا بەکاردەهێنن بۆ پەخشکردنی زانیاریی بۆ هەوادارەکانیان. لەکاتێکدا سیاسەتمەدران، خوازیارن لەئاستی پێشبینییەکانی هەوادارەکانیان بن و باشترین کاردانەوەیان بۆیان هەبێت و دەرکەوتنی خۆیان لە رێی سۆشیاڵمیدیاکانی وەکو تویتەر زیاتر بکەن، بەگوێرەی توێژینەوەیەك، هەوادارانی سیاسەتمەدارانی پارتە جۆراوجۆرەکان پێشبینییان سەبارەت بەچۆنیەتیی کۆمیونیکەیشنی ئەو سیاسەتمەدارانەوە چوونیەك نییە (Kelm, ٢٠٢٠). ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان ستایلێکی باو و نا فەرمییان گرتۆتەبەر لە بەکارهێنانی تویتەردا، ئەوەش رەنگە لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بۆ بەکارهێنانی تویتەر زیاتر ئاراستەیەکی کەسیی، خودرەفتاریی و ئاسایی شیاوترە(Breeze, ٢٠٢٠).

لەكاتێكدا فەیسبوك، زۆر بڵاوە لە ناو بەكارهێنەرانی سۆشیاڵمیدیاكان لە عێراق دا، بەڵام سیاسەتمەدارانی عێراق و هەرێمی كوردستان پشت بە تۆڕی كۆمەڵایەتیی تویتەریش دەبەستن، بۆ بڵاوكردنەوەی هەواڵ و زانیارییەكانیان، بۆ نموونە ئەكاونتی بەرهەم ساڵح سەرۆك كۆماری عێراق، یەك ملیۆن فۆڵۆوەری هەیە و ئاگاداری ئەو هەواڵ و زانیارییانە دەبن لەو ئەكاونتەوە بڵاودەكرێتەوە، ئەوە لەكاتێكدا ئەكاونتی مستەفا كازمی سەرۆكوەزیرانی عێراق زیاتر لەو ژمارەیە فۆڵۆوەری هەیە.

بەگوێرەی توێژینەكان، سیاسەتمەداران لە سەرانسەری جیهان پشت بە سۆشیاڵمیدیای جیاواز دەبەستن بۆ كۆمیونیكەیشنی رامیاریی، بۆ نموونە؛ ئەندامانی كۆنگرێسی ئەمریكا زیاتر فەیسبووك بۆ كۆمیونیكەیشنی رامیاریی بەكاردەهێنن و، پەرلەمانتارانی پارتە گەورەكانی ئەڵمانیا بە بەراود بە هاوتاكانیان لە پارتە بچووكەكان زۆرتر پەیامەكانیان لە رێی تویتەرەوە بڵاودەكەنەوە. سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا و ئەمریكا و بەریتانیا زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ هەوادارەكانیان هەیە لە رێی تۆڕی كۆمەڵایەتیی تویتەرەوە ((Tromble, ٢٠١٨.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، بە گوێرەی توێژینەوەیەك (Kelm, ٢٠٢٠)؛ كۆمیونیكەیشنی سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا لە رێی تویتەر و فەیسبووكەوە، تا رادەیەكی زۆر لە ئاست پێشبینییەكانی هەوادارەكانیانە و، قەبارەی پارتەكان هیچ كاریگەرییەكی نییە لەسەر كۆمیونیكەیشنی ئەو سیاسەتمەدارانە لە رێی تویتەرەوە، ئەوە لەكاتێكدا سیاسەتمەدارانی پارتە بچووكەكان بە بەراورد بە پارتە گەورەكان زیاتر كارلێككارانەیە (interactive) لە رێی فەیسبوكەوە. هەروەك ئەو سیاسەتمەدارانەی لە پارتە بچوكەكانن پێیانوایە هەوادارانیان بە پێچەوانەی هاوتاكانیان لە پارتە گەورەكان پێشبینیی ئەوەیان لێدەكەن، رەخنەبگرن لە سیاسەتمەداران یاخود رۆژنامەنووسان، لەو تویت و پۆستانەی لە هەردوو سۆشیاڵمیدیاكەدا بڵاویدەكەنەوە.

بە گوێرەی توێژینەوەكەی كێلم ، سیاسەتمەداران لەمیانی بەكارهێنانی سۆشیاڵمیدیای وەكو تویتەر و فەیسبوك بۆ مەبەستی كۆمیونیكەیشنی رامیاریی، پێشبینییەكانی هەوادارەكانیان لەبەرچاوەدەگرن، گەرچی دیارنییە، ئەو سیاسەتمەدارانە لە پەیامەكانیاندا كام گروپ لە هەوادارەكانیان مەبەستە. لەبەرئەوەی سیاسەتمەداران دەتوانن لەرێی سەكۆكانی سۆشیاڵمیدیاوە پەیامەكانیان ئاراستەی گروپی جۆراوجۆر لە هەوادارەكانیان بكەن.

بەپێی هەندێك توێژینەوە، پەنابردنی سیاسەتمەداران بۆ سۆشیاڵمیدیا بە ئامانجی كۆمیونیكەیشنی رامیاریی، لە پارتێكەوە بۆ پارتێك و لە گروپێكی سیاسییەوە بۆ گروپێكی تر دەگۆڕێت و، قەبارەی پارتەكە و توانای بەكارهێنانی ماسمیدیا، دوو هۆكاری گرنگن بۆ بەكارهێنانی سۆشیاڵمیدیا بۆ ئەو جۆرە كۆمیونیكەیشنە(Gibson & McAllister, ٢٠١٥).

لەنێو گێژاوی تویتباران و جەنگی لاساییكردنەوە و تەنگژە دیپلۆماسییەكان، رۆژ بە رۆژ ئەوە زیاتر رووندەبێتەوە كە تویتەر تەنیا ئامرازێكی كۆمیونیكەیشنی خودیی نییە، بەڵكو گۆڕراوە بۆ پلاتفۆرمێكی گرنگ و، لەرێیەوە سەركردەكانی وڵاتان كاردانەوە سیاسییەكانیان پەرەپێدەدەن و ئاشكرادەكەن. تویتەر لە هەندێك باردا، ئامرازێكی گۆڕانكاریی بوە لە روداوە هەستیارەكاندا، بە جۆرێك پۆستكردنی تویتێك، یان چەند تویتێك بوەتە هۆی دەركردنی دیپلۆماتكاران لە وڵاتێكدا، هەروەك ئەم پلاتفۆرمە رۆڵی گرنگی بوە لەبەئامانجگرتنی وڵاتان و دەستوەردان لە كاروباری ناوخۆییان (Duncombe, ٢٠١٩).

زییەزۆف ئەوەی خستوەتەروو تویتەر بوەتە ناوەندی سیاسەتی جیهانیی. سەركردەی وڵاتان تویتەر بەكاردەهێنن، وەكو ئامرازێك بۆ چارەسەركردن یان قوڵكردنەوەی قەیرانە سیاسییەكان(Zeitzoff, ٢٠١٨). ئەوە لەكاتێكدا، بە گوێرەی دونكۆمب تویتەر بەدەر لەوەی تەكنەلۆژیایە بۆ پەخشكردن یان ئامرازێكی دیپلۆماسیەتی گشتیی، رۆڵی

گرنگیشی هەیە لە کاروباری نێودەوڵەتیی، بە جۆرێك رۆڵی گرنگ دەگێرێت لەزیادبوونی یان هێوربونەوەی ململانێکان(Duncombe, ٢٠١٩).

سیاسەتمەداران لە سەرانسەری جیهان، سۆشیالمیدیا بەئامرازێکی گرنگی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی دادەنێن. باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا لە نێوان سالانی (٢٠٠٨ - ٢٠١٦)، بە یەکەم جەماوەردارترین سەرکردەی سیاسیی دادەنرێت، لە تویتەرو زیاتر لە (١٠٠)ملیۆن فۆڵۆوەری هەیە. دوای ئەویش دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە نێوان سالانی (٢٠١٦ - ٢٠٢٠)، بە پلەی دووەم دێت، بە (٥٦) ملیۆن فۆڵۆوەر و نارێندرا مۆدیی سەرۆکوەزیرانی هیندستان بە پلەی سێیەم دێت و (٤٨) ملیۆن فۆڵۆوەری هەیە. بە گوێرەی توێژینەوەیەك هەموو سیاسەتمەدارەکان، تەکنەلۆژیای سۆشیالمیدیا بۆ مەبەستی چوونیەك بەکارناهێنن، بۆ نموونە ترەمپ تویتەری بەکارهێناوە بۆ بلاوکردنەوەی دوایین بۆچوونەکانی سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان و هێرشکردنە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن و رکابەرە سیاسییەکانی (Rodrigues & Nieanmn, ٢٠١٩).

## تویتەر و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

سۆشیالمیدیا، شێوازی پەیوەندییکردنی سیاسەتمەدارانی بە دەنگدەرەکانیانەوە لەماوەی کامپینی هەڵبژاردنەکانو کاتەکانی تردا گۆڕیوە(Bobba, ٢٠١٩). تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەکرێت ببێتە ئامرازێکی زۆر باشی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و، کاندیدی هەڵبژاردنەکان دەتوانن پەیامەکانیان لە رێی تویتەرەوە بگەیەننە دەنگدەران و کاریگەریی دروستبکەن لەسەر هەڵوێستیان(Grimaldi, ٢٠١٩). بەگوێرەی توێژینەوەیەك، لە وڵاتە دیموکراسییەکانی خۆرئاوا و تا رادەیەکیش جیهان، سیاسەتمەداران زیاتر تویتەر بەکاردەهێنن بە تایبەتی لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا (Graham, et al., ٢٠١٤).

لە ئاکامی سەرکەوتنی کامپینی هەڵبژاردنەکەی باراك ئۆباما لە ٢٠٠٨ و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تویتەر لە کامپینەکەیدا، کتوپڕ ئەم خزمەتگوزارییە بوە ئامرازێکی گرنگی کامپینەکان، بە جۆرێك لە پاییزی ٢٠٠٨وە لە زۆرێك لەکامپینەکان و لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حکومەتەوە، تویتەر بەکاردەهێنرێت (Vergeer & Hermans, ٢٠١٣). بۆد و دالریمپل ئاماژە بەوە دەکەن لە رێی تویتەرەوە، کاندیدو سیاسەتمەداران دەتوانن دەنگی خۆیان بگەیەننە دەنگدەرە لاوەکان، کە کەمتر ئامرازە ستاندارەکانی کۆمیونیکەیشنی وەکو تەلەفزیۆن و رۆژنامە و رادیۆ بەکاردەهێنن. پێشنیاریش دەکەن تویتەر بەکاربهێنرێت، بۆ رێکخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و، تیایدا کاربکرێت لەسەر پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو کەسانەی تویتەکانیان هەوادارێکی زۆری هەیە و پەیامەکانیان بۆ ئەو بەشەی دانیشتوان ئاراستە دەکەن، کە دەنگراگەیشتن پێیان زەحمەتە(Bode & Dalrymple, ٢٠١٦).

سەبارەت بە جیاوازیی لە نێوان سیاسەتمەدارانی وڵاتان، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی ستیەر و هاوڕێکانی؛ پەرلەمانتارانی ئەڵمانیا فەیسبوك زۆر زیاتر بەکاردەهێنن بە بەراورد بە تویتەر بۆ چالاکییەکانی کەمپینی هەڵبـژاردن، لە کاتێکدا تویتەر زۆرتر لە فەیسبوك بەکاردەهێنن بۆ کۆمێنتدان لەسەر هەندێك رووداوی سیاسیی دیاریکراو، یاخود تاووتوێکردنی سیاسەتە جۆراوجۆرەکانیان (Stier, et al., ٢٠١٨)، ئەوە لە کاتێکدا سیاسەتمەدارانی هۆڵەندا، زیاتر تویتەر بەکاردەهێنن لە کاندیدەکانی بەریتانیا و، بە تێکڕاش دوو هێندەی هاوتا بەریتانیەکانیان تویتیان کردوە لە تویتەر. هەروەك کاندیدەکانی هۆڵەندا زیاتر دیالۆگیان کردوە لەگەڵ دەنگدەرەکانیاندا و، سودمەندتر بوون لە تایبەتمەندی کارلێکردنی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی مێژووی

بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیا، لە لایەن دەستەبژێری سیاسییەوە. لە هۆڵەندا سەرەتای بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ و سایتێك بەناوی (هایڤیز)، هاوشێوەی فەیسبوك و مای سپەیس دەرکەوت، خاڵێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی سیستمی هەڵبژاردن لە هەر دوو وڵات. لە بەریتانیا کاندیدەکانی پەرلەمان کێبرکێ دەکەن لە بازنەیەکی دیاریکراو و ئەوەی زۆرترین دەنگ بهێنێت دەبێتە براوە، لە کاتێکدا کاندیدەکانی پەرلەمانی هۆڵەندا، کێبرکێ دەکەن لەسەر ئاستی وڵات و سیستمی دەنگدان رێژەییە. هەروەکو فاکتەرێکی تری جیاوازیی لە نێوان سیاسەتمەدارانی هەردوو وڵات دەگەڕێتەوە بۆ دیسپلینی حزبی. لە کاتێکدا لە بەریتانیا چاودێریی وردی چالاکی کاندیدەکان دەکرێت لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە هۆڵەندا ئەو جۆرە چاودێریکردنە نییە(Graham, et al., ٢٠١٤).

جۆری ئەو هەواڵ و زانیارییانەی دەنگدەران لە کاتی کامپینەکانی هەڵبژاردن لە سۆشیاڵمیدیا بەرچاویان دەکەوێت، دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ ناوەڕۆکی هەواڵی پرۆفیشناڵانە و، ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بە شێوەیەکی سۆزدارانە نوسراونەتەوە، لەگەڵ هەواڵ و زانیاریی کە مۆرکێکی حزبییان پێوە دیارە (Machado, et al., ٢٠١٨).

## میتۆدۆلۆژیی

بۆ ئاشکراکردنی ستراتیژی مامەڵەکردنی بەرپرسانی هەرێم و عێراق لەگەڵ مایکرۆبلۆگی تویتەر، بۆ ئامانجی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی، کە لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان و لەلایەن ژمارەیەکی زۆری سیاسەتمەدارانەوە تویتەر بوەتە کەناڵی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و دیدە سیاسیی و هەڵوێستەکانیان، توێژەر میتۆدی روپێویی بەکارهێناوە بۆ روپێوکردنی ئەو دیاردەیە لە جوگرافیایەکی دیاریکراو کە ئەویش عێراق و هەرێمی کوردستانە.

## پرسیارەکانی توێژینەوە:

لە کاتێکدا هەموو توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، تویتەر وەکو خزمەتگوزارییەکی مایکرۆبلۆگ، بوەتە کەناڵێکی گرنگی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی، توێژەر دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەو ستراتیژەی کە بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستان پیادەیان کردوە لە بەکارهێنانی تویتەر و بۆ ئەو مەبەستە چەند پرسیارێکی خستوەتەروو:

١-ئەو بابەتو هەواڵانە چین کە سیاسەتمەداران لە تویتەر بڵاویان کردوەتەوە؟.

٢-ئەو تویتانە بە چ زمانێك لە تویتەر دادەنرێن؟

٢-کام لەو هەوال و بابەتانە ریتویت کراوە لە ئەکاونتی بەکارهێنەرانی ترەوە؟

٣-کام لەو هەواڵ و بابەتانە زۆرترین جار ریتویت کراوەتەوە لە لایەن بەکارهێنەرانی ترەوە؟

٤-تا چەند تویتەر بوەتە سەکۆیەك بۆ دیبەیتی رامیاریی و کەناڵی پەیوەندیکردن لە نێوان بەرپرسان و بەکارهێنەراندا؟

٥-ئایا بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تویتەکانیان لە رێی کام ئەکاونتەوە بڵاودەکەنەوە، تویتەری فەرمیی دەزگاکانیان یان تویتەری کەسیی خۆیان لەکاتێکدا بۆ نموونە زۆرینەی سیاسەتمەداران، تویتی فەرمیی دەزگاکانیان بەکاردەهێنن و بەشێکیان ئەکاونتی کەسیی کردوەتە سەکۆیەکی ئۆنلاین بۆ کۆمیونیکەیشنی رامیاریی و هەندێکیشیان بۆ نموونە (سەرۆکوەزیرانی هیندستان هەردوو جۆرە ئەکاونتەکەی بەکاردەهێنێت بۆ

ڕاگەیاندنـی هەڵویسـت و بۆچوونەکانـی لەسـەر ڕوداوەکان و کامپینەکانـی هەڵبـژاردن)

لـە لایەکـی تـرەوە، توێژینـەوەکان ئەوەیـان خسـتوەتەڕوو زۆرێـك لـە سیاسـەتمەداران سـتایلێکی نافەرمـی و بـاو دەگرنەبـەر لـە کۆمیونیکەیشـنی رامیاری لـە ڕێـی تویتـەرەوە. ئەمـەش ڕەنگـە ڕەنگدەرەوەی ئـەو بۆچونەبێـت، ئـەم خزمەتگوزارییـە پێویسـتی بـە شـێوازێکی کەسـیی و خودکردەییـە. توێـژەر دەیەوێـت لـە بەشـێکی توێژینەوەکـەدا ئـەوە ئاشـکرا بـکات، (ئایـا پەیامـی بەرپرسـەکانی هەرێـم و عێـراق لـە ڕێـی تویتـەرەوە تـا چەنـد فەرمـی و تـا چەنـد نافەرمییـە. تـا چەنـد ئـەو بەرپرسـانە ئەوەیـان لەبەرچاوگرتـوە ئـەم خزمەتگوزاریـی مایکرۆبلۆگـە مۆرکێکـی کەسـیی هەیـە و بەشـێکی زۆر ئـەو پەیـام و پەیوەندییانـەی لـە ڕێـی بڵاودەکرێنـەوە و درێـژەی پێدەدرێـت لـە ئاسـتێکی نافەرمیدایـە).

## سامپڵی توێژینەوەکە:

ئەکاونتـی چـوار بەرپرسـی بـاڵای هەرێمـی کوردسـتان و عێـراق: ئەوانیـش بەرهـەم سـاڵح سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، مسـتەفا کازمـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق، نێچیرڤـان بارزانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان و مـەسرور بارزانـی سـەرۆکوەزیرانی هەرێمـە.

## بەرهەم ساڵح (https://twitter.com/BarhamSalih)

بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق ناسـێنراوە، لـە مانگـی نیسـانی ٢٠٠٩ ئەکاونتـی کەسـیی دروسـتکردوە. لـەو ماوەیـەدا زیاتـر لـە )٢٥٠٠( تویتـی کـردوە. وێنـەی کۆشـکی سـەلامی سـەرۆکایەتی و وێنـەی خـودی سـەرۆك کۆمـاری لەسـەر دانـراوە.

لۆکەیشـنەکەی بەغـدادە. یـەك ملیـۆن فۆڵۆوەری هەیـە و فۆڵۆینـی )١٠٠( ئەکاونتی کـردوە؛ لەوانە کەسایەتیە حکومیی و حزبییەکانـی عێـراق و ژمارەیـەك لەسیاسـییەکانی جیهـان و هەندێـك ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانـی ڕاگەیاندن..هتد.

ئـەو تویتانـەی لـە ئەکاونتـی فەرمـی سـەرۆك کۆمـار بڵاوکراونەتەوە، لـە هەمان کاتـدا لە ئەکاونتـی فەرمی سـەرۆکایەتی کۆماریـش بڵاوکراوەتـەوە، کـە لـە مانگـی کانونـی یەکەمـی سـاڵی ٢٠١٨ دروسـتکراوەو هەواڵـی چالاکییەکانـی سـەرۆك کۆمـار هەمـووی لەوێـدا بڵاودەکرێتـەوەو لـەو بـەروارەوە تائێسـتا زیاتـر لـە (٤١١٥) تویتـی تێـدا کراوە.

## مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عیراق (www.twitter.com/IraqiPMO)

بەنـاوی سـەرۆکوەزیرانی عیراقـەوە ناسـێنراوە. لـە مانگـی کانونـی یەکەمـی ٢٠١٩ دروسـتکراوە. زیاتـر لـە (٣٠٥٠) تویتـی لـەو ماوەیـەدا بڵاوکردوەتـەوە. زیاتـر لـە یـەك ملیـۆن و (١٠٠) هـەزار فۆڵـوەری هەیـە و فۆڵۆینـی هیـچ ئەکاونتێکـی نەکـردوە.

لۆکەیشنەکەی عێراق و بە سایتی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە شۆرتلینك کراوە.

بەشـی زۆری چالاکییەکانـی سـەرۆکوەزیران لـە ئەکاونتـی فەرمـی نوسـینگەی ڕاگەیاندنـی سـەرۆکوەزیران بڵاوکراوەتەوە و هەندێکیشـی لێهەڵبژێـردراوە و لـە ئەکاونتـی فەرمـی تویتـەری سـەرۆکوەزیران بڵاوکراوەتـەوە، ئەمـەش وایکـردوە زیاتـر لـە )١١( هـەزار تویـت لـە ئەکاونتی نوسـینگەی ڕاگەیاندنـی سـەرۆکوەزیرانەوە بڵاوبکرێتـەوە لـە بەرامبـەر زیاتـر لـە )٣٠٥٠( تویـت لـە ئەکاونتی کەسـیی سـەرۆکوەزیران.

## نێچیرڤان بارزانی (Nechirvan Barzani/https://twitter.com)

ئەکاونتی تویتەرەکەی لۆگۆی سەرۆکایەتی هەرێمە. بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ناسێندراوە.
لە ساڵی٢٠١٧ ەوە تویتەر بەکاردەهێنێتو شۆرتلینك کراوەتەوە بە وێبسایتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. لۆکەیشنەکەی هەولێر-هەرێمی کوردستانە.
زیاتر لە (٢٨٦) هەزار فۆڵوەری هەیە و فۆڵۆوینی (٣٢) ئەکاونتی کردوە لەوانە ئەکاونتی بەشێك لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسان و ژمارەیەك لە بەرپرسانی عێراق و جیهان. (٩٣٦) تویتی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

## مەسرور بارزانی (https://twitter.com/masrour-barzani)

ئەکاونتی تویتەرەکەی وێنەی شاخەکانی کوردستان و خۆی پێوەیە، خۆی وەکو سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ناساندوە. جگە لەوەش دروشمی (کوردستانێکی بەهێز بنیاتدەنێن) دوای ئەم ناساندنەی خۆی هاتوە و ئاماژە بەوەشداوە ئەکاونتی تویتەری کەسییە.
لۆکەیشنەکەی هەرێمی کوردستان عێراق و لە مانگی سێی ساڵی ٢٠١٢ ئەکاونتی لەخزمەتگوزاریی تویتەر دروستکردوە. زیاتر لە (٤٦٥) هەزار فۆڵۆوەری هەیە و فۆڵۆینی (٤) بەکارهێنەریشی کردوە، ئەوانیش ئەکاونتی مەسعود بارزانی باوکی و نێچیرڤان بارزانی ئامۆزایی و سەرۆکی هەرێم و ئەکاونتی حکومەتی هەرێم لەتویتەر و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە خۆی پێشتر سەرۆکی ئەنجومەنەکە بووە. زیاتر لە (١٨٦٠) تویتی تێدا بڵاوکردوەتەوە.

## زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە:

ئەو تویتانەی لەماوەی دوو مانگ (لە رۆژانی ١ی تشرینی یەکەم تا ٣٠ تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢١) لە ئەکاونتی کەسیی ئەو بەرپرسانە بڵاوکراوەتەوە. ئەو ماوەیەش بەباش زانرا لەبەرئەوەی پرۆسەی پێشوەختی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەرۆژی (١٠/١٠/ ٢٠٢١) بەرێوەچوو.

## کۆکردنەوەی داتا:

تویتەکانی هەریەك لە بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق، مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان روپێویی کراوە لەماوەی دوو مانگدا.
دیاریکردنی ئەکاونتی کەسایەتییە باڵاکانی عێراق و هەرێمیش، وەکو سامپڵی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەو کەسانە پۆستی هەستیاریان هەیە و تویتەکانیان لەرێی تویتەرەوە هەمیشە بوەتە سەرچاوەی هەواڵی کەناڵی راگەیاندنەکان و کاردانەوە و هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە روداو و پێشهاتەکان لە زۆرینەی بارەکاندا لە رێی تویتەر و بەزمانی جۆراوجۆر ئاراستەکردوە.
زەمەنی سامپڵەکان، مانگەکانی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ساڵی رابوردووە. هەڵبژاردنی ئەو ماوەیەش بە زەمەنی توێژینەوەکە، وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، لەبەرئەوەیە لە مانگی تشرینی یەکەمدا لە عێراق پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشوەختی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرێوەچوو. لەو ماوەیەدا (٢٩٦) تویتەر کراوە

لەڕێی ئەکاونتی کەسیی ئەو کەسایەتیانەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (١) ژمارەی تویتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | ژمارەی تویتەکان |
|---|---|---|
| -١ | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٢٥ |
| ٢ - | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ١٥٣ |
| -٣ | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٢١ |
| -٤ | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٩٧ |
| کۆی گشتی | | ٢٩٦ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (١) دەردەکەوێت، کە بەرپرسانی یەکەمی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بریتین لەسەرۆکوەزیرانی عێراقو سەرۆکوەزیرانی هەرێم هەواڵو چالاکی زۆرتریان تویت کردوە بە بەراورد بەسەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم، ئەمەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەرپرسیارێتییان، بەوپێیەی بەشێکی دەسەڵاتەکانیان تەشریفاتییەو سروشتی سیستمی سیاسیی لەهەردوو ناوچەی جوگرافیی، بەجۆرێکە کە سەرۆکی حکومەتەکان بەرپرسیاری یەکەمن لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لەسەرجەم ئەکاونتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە، تویتەکان بەهەرسێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی کراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە (٢)، ژمارەی تویتە کوردیی‌و عەرەبیی و ئینگلیزییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | زمانی کوردیی | زمانی عەرەبیی | زمانی ئینگلیزیی |
|---|---|---|---|---|
| -١ | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٦ | ١٨ | ١ |
| -٢ | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ١٩ | ١٢٠ | ١٤ |
| -٣ | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ١١ | ٤ | ٦ |
| -٤ | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ١٩ | ٨ | ٧٠ |

بەپێی خشتەی ژمارەی (٢)، بەشی هەرەزۆری تویتەکانی بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق بەرێژەی (٧٢٪) بە زمانی عەرەبییەو کەمترینی بە زمانی ئینگلیزیی و نزیکەی چواریەکیشی بە زمانی کوردیی بوە. لە تویتە کوردییەکانی یەکێکیان ریتویتی تویتی کەناڵێکی کوردییەو یەکێکیشیان پەیامێکە بۆ رۆژی شەهیدانی حزبەکەی. لە کاتێکدا مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق زۆرینەی تویتەکانی بە زمانی عەرەبیی بوە بەرێژەی زیاتر لە (٧٨٪)و نزیکەی (١٣٪) بەزمانی کوردیی و ئەوەی تریشی بەزمانی ئینگلیزییە. لەگەڵ تێبینی ئەوەی، زۆرینەی

هـەرەزۆری تویتـە عەرەبییەکانی لـە ئەکاونتی فەرمی نوسینگەی سـەرۆکوەزیرانەوە ریتویت کراوە و تـا رادەیەکی زۆر ژمـارەی تویتەکانـی ئەکاونتـە کەسـییەکەی کازمـی بـە هـەردوو زمانـی عەرەبیـی و کوردیـی و ئینگلیزییـش لەیەکـەوە نزیکـە. بـەوەی هـەر تویتێکـی بەزمانـی عەرەبیـی کـردوە، هـاوکات بـە کوردیـیو زمانـی ئینگلیزییـش بڵاوکراوەتـەوە، تەنیـا لـە بارێکـدا نەبێـت کـە تویتێـك بـە بۆنـەی رۆژی لەدایکبونـی پەیامبـەرەوە تەنیـا بـە هـەردوو زمانـی کوردیـی و عەرەبیـی کـراوە و نەکراوەتـە ئینگلیزیـی، گەرچـی زمانـی داڕشـتنی تویتـە عەرەبیـی و کوردیـی و ئینگلیزییـەکان، سـتایڵێکی فەرمـی لەخۆگرتـوە و شـێوازی داڕشـتنەکەی تـا رادەیەکـی زۆر نزیکـە لـەوەی لـە لایـەن تیمـی رۆژنامەنووسـیی سـەرۆکوەزیرانەوە وەرگێڕرابێـت بـۆ سـەر هـەردوو زمانـی کوردیـیو ئینگلیزیـی.

سـەبارەت بەتویتەکانـی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان، لـە روی زمانـەوە نیـوەی بەزمانـی کوردیـی نـوسراوە و تویتـە ئینگلیزییـەکان بـە پلـەی دووەم دێـت و هەرچـی تویتـە عەرەبییەکانیشـە بـە پلـەی سـێیەم دێـت و، تایبەتـە بـە هەڵویسـتەکانی لەبەرامبـەر ئـەو پرسـانەی پەیوەنـدی بـە عیـراق و دیـدار و کۆبونەوەکانیـەوە هەیـە لەگـەڵ بەرپرسـانی عـەرەب، گەرچـی تویتیـش پەیوەسـت بـەو چالاکییانـەوە بـە زمانـی ئینگلیزییـش کـراوە، ئیـتر نازانرێـت هـۆکاری تویتکردنـی چالاکییـەك بـە زمانـی عەرەبیـی و چالاکییەکـی هاوشـێوە بـە زمانـی ئینگلیـزی چییـە؟ لەگـەڵ ئـەوەی، ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە سـتراتیژێکی کۆمیونیکەیشـنی روون و راشـکاو لـەو بارەیـەوە بوونـی نییـە.

لـە کاتێکـدا تویتکردنـی نیـوەی تویتـەکان، لـە مـاوەی زەمەنـی سـامپڵەکان بـە زمانـی کوردیـی، کـە زمانـی فەرمـی هەرێمـی کوردسـتانە بەئاماژەیەکـی ئەرێنـی دادەنرێـت، بـۆ گونجاندنـی رەگـەزی کـۆدی زمـان لەنێـو ئـەو پرۆسـەی کۆمیونیکەیشـنە رامیارییـەی بەڕێوەدەچێـت لـە لایـەن نێچیرڤـان بارزانـی و ئەوانـەی فۆڵـۆوەری ئەکاونتەکـەی دەکـەن و پێدەچێـت بەشـی هەرەزۆریـان کـورد بـن.

هەرچـی پەیوەنـدی بـە تویتەکانـی مـەسرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتەوەیـە، لـە رووی زمانـەوە، بەگوێـرەی روپێوییەکـە زۆرینـەی هـەرە زۆری بـە زمانـی ئینگلیزییـە و تویتـە کوردییـەکان بـە پلـەی دووەم و عەرەبییەکانیـش بـە پلـەی سـێیەم دێـت.

ئەمـەش مایـەی هەڵوەسـتە لەسـەرکردنە، کـە بۆچـی مـەسرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێـم، کـە زمانـی فەرمـی کوردییـە، تویـت زۆرتـر بـە زمانـی ئینگلیزیـی دەکات، لـە کاتێکـدا بەشـێکی ئـەو تویتانەیشـی بـە زمانـی ئینگلیزیـی کـراون سـەبارەت بـە چالاکییـە ناوخۆییەکانـی سـەرۆکوەزیرانە لەوانـە بەسـەرکردنەوەی قوربانیانـی کارەسـاتی ئـەو لافاوەی مانگـی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢١ هەولێـری گرتۆتـەوە و چالاکـی تـری ناوخۆیـی لە وانە سـەردانی پێشـانگایەکی خۆماڵـی بەرهەمـی کشـتوکاڵی. ئەمـەش پێدەچێـت لـەوەوە سـەرچاوەی گرتبێـت، کـە بەشـێکی خوێندنـی سـەرەتایی زانکۆیـی مـەسرور بارزانـی لـە زانکۆیەکـی ئەمریـکا بـووە و پێـی خۆشـبێت بزانرێـت کـە جگـە لـە زمانـی کوردیـی، زمانـی ئینگلیزییـش دەزانێـت؛ لـە کاتێکـدا سـەرۆك کۆمـاری عێـراق و سـەرۆکوەزیرانی عێراقیـش زمانی ئینگلیزیـی زۆر بـە باشـی دەزانـن، بـەڵام لـە تویتەکانیانـدا رەچـاوی بـاری فەرمـی زمانـی وڵاتەکانیـان کـردوە، بـە جۆرێـك ژمـارەی تویتـە کوردییەکانـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و سـەرۆك وەزیرانـی هەرێـم یەکسـانە و هەردوکیـان لـە مـاوەی زەمەنـی سـامپڵی ئـەم توێژینەوەیـەدا (١٩) تویتیـان بـە زمانـی کـوردی کـردوە.

سـەبارەت بـە ناوەرۆکـی تویتـەکان، بـە گوێـرەی خشـتەی ژمـارە (٣)، بەشـی هـەرە زۆری ناوەرۆکـی تویتەکانـی بەرهـەم سـاڵح سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، تایبەتـە بـە راگەیاندنـی هەڵویسـت و دەسـتپێشـخەریی وەکـو سـەرۆك کۆمـار بەرامبـەر ئـەو ئاڵنگارییانـەی رووبـەڕووی عێـراق بوەتـەوە، لـە شـەڕی دژی داعـش و پێشـهاتی تـر و راگەیاندنـی پرۆژەیـەك سـەبارەت بـە گۆڕانکاریـی کەشـوهەوا. لـە کاتێکـدا نزیکـەی زیاتـر لـە دوو هێنـدەی ئـەو تویتانـەی لـە ئەکاونتـی کەسـیی مسـتەفا کازمـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق بڵاوکراوەتـەوە، تایبەتـە بـە خسـتنەڕووی چالاکییـەکان لـە

کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران و بەسەرکردنەوەکانی و دیدار و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی...هتد و تەنیا (٤٨) تویتی تایبەت بوە بەخستنەڕووی کاردانەوەکانی سەبارەت بەو روداوانەی لە ماوەی زەمەنی سامپڵەکاندا، لە عێراق روویانداوە لەوانە؛ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و خۆپیشاندانەکان و چالاکییەکانی گروپە چەکدارەکانی داعش. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، زۆرینەی ئەو تویتانەی گوزارشت لە کاردانەوە و هەڵوێستەکانی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەکات، بە هەر سێ زمانی عەرەبیی و کوردیی و ئینگلیزیی نووسراوە، لە کاتێکدا سەرجەم تویتەکانی تایبەت بە چالاکییەکانی مستەفا کازمی رەنگە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانەوە ئامادە کرابێت و بەزمانی عەرەبییە.

هەرچی پەیوەستە، بە بەرپرسانی هەرێم؛ زۆرینەی تویتەکانی سەرۆکی هەرێم گوزارشت لە کاردانەوەو دەستپێشخەرییەکانی دەکات سەبارەت بە روداوەکانی پەیوەست بە هەرێمو عێراق لەوانە؛ پرۆسەی هەڵبژاردن و چالاکییەکانی داعش...هتد. لەمیانی ژمارەیەك لە تویتەکانیشیدا، کە شۆرتلینك کراوە بە سایتی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم، چالاکییەکانی سەرۆکی هەرێمی تێدا بڵاوکراوەتەوە. هەرچی تویتەکانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمیشە، زیاتر بۆ خستنەڕووی چالاکییەکانی بوە و، بەشێکیشی بۆ راگەیاندنی هەڵوێست و کاردانەوەکانی بوە بە پرس و کێشەکانی پەیوەست بە هەرێم و عێراقەوە و، لە هەندێك تویتیشدا بە شێوەی پەیامێکی ڤیدیۆیی چالاکیەکانی کابینەکەی خراوەتە روو لەوانە؛ پێدانی ژمارەی ڤاکسینی دژە کۆرۆنا و پرۆسەی کوتانی هاوڵاتیان لەدژی ئەو ڤایرۆسە.

خشتەی ژمارە (٣) ژمارەی تویتی چالاکیی و کاردانەوە و دەستپێشخەرییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | چالاکییەکان | کاردانەوەو دەستپێشخەریی |
|---|---|---|---|
| ١- | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٤ | ٢١ |
| ٢- | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ١٠٥ | ٤٨ |
| ٣- | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٨ | ١٣ |
| ٤- | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٥٦ | ٤١ |

ریتویت پرۆسەیەکە کە خزمەتگوزاریی تویتەر رەخساندویەتی بۆ ئەوەی بەکارهێنەران، دووبارە ئەو تویتانە بڵاوبکەنەوە کە هاوڕان لە گەڵیداو پشتیوانی لە ناوەرۆکەکەی دەکەن، بەمەش بواری بینینی ئەو تویتانە چەند بارە دەبێت لەنێو ئەم خزمەتگوزارییەدا. بەشێکی ئەو تویتانەی لە ئەکاونتی بەرپرسانی سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، ریتویت کراونەتەوە لە ئەکاونتی ترەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە، ئەو بەکارهێنەرانەی فۆڵۆینی ئەکاونتی کەسیی ئەم بەرپرسانەیان کردوە، ئەو تویتانە ببینن کە لە ئەکاونتی ترەوە بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەتی ئەکاونتی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماریی عێراق و نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەکاونتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەکاونتەکانی تر، بەم شێوەیەی لە خشتەی ژمارە (٤) خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤)، ژمارە تویتەکان و ریتویتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | ژمارەی تویتەکان | ژمارەی ریتویت |
|---|---|---|---|
| ١- | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٢٢ | ٣ |
| ٢ - | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ٥٦ | ٩٧ |
| ٣- | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ١٣ | ٨ |
| ٤- | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٨٤ | ١٣ |

بەگوێرەی خشتەی ژمارە (٤)، زۆرترین تویتەکانی بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق، تویتەو گوزارشتی راستەوخۆ دەکات لە هەڵوێست و کاردانەوەی چالاکییەکانی سەرۆك کۆمار و بەزمانی کەسی نوسراوە، بەدەر لەو ستایلە زمانە فەرمییەی لەلایەن تیمی رۆژنامەوانی سەرۆك کۆمار و کەناڵەکانی ترەوە دەنوسرێت، بە بەراورد بە سێ ریتویت کە لە کەناڵەکانی راگەیاندن و ئەکاونتی فەرمی سەرۆك کۆمارەوە ریتویت کراوە. سەبارەت بە ئەکاونتەکەی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، نزیکەی دوو لە سەر سێی تویتەکانی ریتویت کراوەتەوە و، بەشی هەر زۆری لە ئەکاونتی فەرمی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە، ریتویت کراوە لەگەڵ چەند تویتێکی کەم لە ئەکاونتی شانەی ئەمنی سەر بە نووسینگەی سەرۆك وەزیران و سەرجەم تویتە ریتویت کراوەکان، بەزمانی عەرەبیو داڕشتنێکی پرۆفیشناڵانە نوسراون. لە بەرامبەردا مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە ماوەی دوو مانگدا (55) تویتی کردوە. ئەم تویتانە بە هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیین و زمانی داڕشتنیان مۆرکێکی کەسیی بە سەریدا زاڵە و ئاوەڵناوی کەسی یەکەمیی تاکی تێدا بەکارهێنراوە و، بەشی هەرەزۆریان گوزارشت دەکەن لە کاردانەوە و هەڵویستەکانی سەرۆك وەزیران لەئیدانەکردنی هێرشی چەکدارەکانی داعش و پیرۆزبایی بە بۆنەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەربڕینی نیگەرانییەکانی لەو توندوتیژییانەی کراون بەرامبەر خۆپیشاندەران، لە بەغداد و گردبونەوەی ناڕەزایی خوێندکاران لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ لەشاری سلێمانیی و بابەتی تر. مەبەستی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە نوسینی تویتە کەسییەکانی بە هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی، پێدەچێت بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەرانی تویتەر بێت لە کورد و عەرەب و عێراقییەکانی دەرەوە و نێوەندەکانی تر لە هەڵوێستەکانی و پاڵپشتی راستەوخۆ بێت، لەوەی زمانی کوردییش هاوتای زمانی عەرەبیی لە دەستوری عێراقدا بە فەرمی ناسێنراوە، لە بەرئەوەی هیچ تویتێکی بە زمانی پێکهاتەکانی تری وەکو تورکمان و مەسیحییەکان نەکردوە.

لە ئەکاونتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەکۆی (٢٠) تویت لەو ماوەیەی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەیەکەیە، (١٢) تویت کراوەو (٨) تویتیش ریتویت کراوە کە سەرجەمیان لە ئەکاونتی فەرمی تویتەری سەرۆکایەتی هەرێمەوەیە و بە زمانەکانی کوردییو عەرەبیی و ئینگلیزیین. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەو تویتانەی کراون سەرجەمیان بە زمانی تاکەکەسیی نوسراون و ستایلی ئەو زمانە نافەرمییە زاڵە لە کاتێکدا ئەوانەی ریتویت کراون، بەستایلی زمانی فەرمی نوسراون و پێدەچێت سەرجەمیان لەلایەن تیمی رۆژنامەوانی سەرۆکایەتی

هەرێمـەوە دارێژرابێـت.

سـەبارەت بـە تویتەکانی مـەسرور بارزانـی سـەرۆکی حکومەتیـش، زۆرینـەی هـەرەزۆری تویتـەکان سـتایلێکی کەسـیی پێوەدیـارەو، ژمارەیەکـی زۆر کەمیشـیان ریتویـت کـراون لەئەکاونتـی فەرمـی سـەرۆکایەتی حکومەتـی هەرێمـەوە. ئـەو تویتـە ریتویتکراوانـە وەکـو سـەرجەم ریتویتەکانـی تـر، سـتایلێکی فەرمـی پێـوە دیـارەو هاوشـێوەی ئەوانـی تـر پێدەچێـت لـە لایـەن تیمـی رۆژنامەوانـی سـەرۆکایەتی حکومەتـی هەرێمـەوە دارێژرابێـت.

بەسـەرنجدانێکی خێـرا لـە خشـتەی ژمـارە (٤) دەردەکەوێـت برێکـی کەمـی ئـەو تویتانـەی لـە لایـەن سـەرۆکی کۆمـار و سـەرۆکی هەرێـم و سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـەوە کـراون، ریتویـت کـراون. لـە کاتێکـدا بەشـی زۆری ئـەو تویتانـەی لـە ئەکاونتـی مسـتەفا کازمـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق دانـراون، ریتویـتن لـە ئەکاونتەکانـی نوسـینگەی راگەیاندنـی سـەرۆکوەزیرانی عێـراق و شـانەی ئەمنـی سـەر بـە سـەرۆکوەزیران. ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت، ئـەو سـێ ئەکاونتـەی پێشـتر بایەخیـان زۆرتربـوە لـە روی بـون بەسـەرچاوەی هـەواڵ و زانیاریـی بـۆ ئەکاونتەکانـی تـر و زیاتـر وەکـو کەناڵێکـی تاکەکەسـیی بـۆ بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ و چالاکیـی سیاسـیەکان و کاردانەوەکانیـان سـودی لێوەرگیـراوە، هەرچـی ئەکاونتـی فەرمـی تویتـەری سـەرۆکوەزیرانی عێراقـە، زیاتـر بوەتـە کەناڵێـك بـۆ راگەیاندنـی کاردانـەوە و هەڵوێسـتەکانی سـەرۆکوەزیران و چالاکییەکانیشـی بەپلـەی یەکـەم لەئەکاونتـی نوسـینگەی راگەیاندنـی سـەرۆکوەزیرانەوە بڵاوکراوەتـەوە و دواتـر ریتویـت کـراوە بـۆ ئەکاونتـی کەسـیی مسـتەفا کازمـی.

لـە لایەکـی تـرەوە، لـە کاتێکـدا بەشـێکی ئـەو تویتانـەی لـە ئەکاونتەکانـی سـامپڵی ئـەم توێژینـەوە بڵاوکراونەتـەوە، لـە ئەکاونتەکانـی تـرەوە ریتویـت کـراون، سـەرجەم ئـەو تویتانـەی لـە لایـەن ئـەو کەسـایەتییانەوە بڵاوکراونەتـەوە، بـە ژمـارەی جیـاواز جیـاواز و بەپێـی سروشـتی تویتـەکان، ریتویـت کراونەتـەوە بـەو پێیـەی لەخشـتەی ژمـارە (٥) خراوەتـەڕوو.

ئەم پرۆسـەیەش گوزارشـتکردنە لە پشـتیوانیکردن بە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لەکاردانەوەو هەڵوێسـت و چالاکییەکانی سیاسـەتمەداران، کـە لـە سۆشـیاڵمیدیای تویتـەر بـڵاوی دەکەنـەوە وەکـو سـەکۆیەکی ئۆنلایـن بـۆ کۆمیونیکەیشـنی رامیاریی.

لە سامپڵی تویتەکان ژمارەی زۆرترین ریتویت و کەمترین ریتویت بەم شێوەیەی خوارەوە بووە.

خشتەی ژمارە (٥) کۆی تویتەکان و ریتویتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | کۆی تویتەکان | زۆرترین ریتویت | کەمترین ریتویت | کۆی ریتویت |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٢٢ | ١٤٥ | ١ | ٥٧٤ |
| ٢- | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ٥٦ | ١٠٦٠٠ | ١ | ٧٨٩٢ |
| ٣- | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ١٣ | ١١٤ | ٢٠ | ٦٥٨ |
| ٤- | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٨٤ | ٢٦٨ | ١٢ | ٤٢٧٩ |

هەروەکو لەخشتەی ژمارە (٥) خراوەتە ڕوو، کۆی ریتویتکردنی تویتەکانی سەرۆك کۆمار، کە ژمارەیان (٢٢) تویتە، (٥٧٤) جار بووە. واتە زیاتر لە (٢٦) جار هێندەی ژمارەی تویتەکان، ئەو تویتانە ریتویت کراونەتەوە و لە ئەکاونتی ئەو بەکارهێنەرانەی ئەو کارەیان کردوە، تویتەکانی سەرۆك کۆمار دەرکەوتوون. زۆرترین ریتویتیش بۆ تویتێکی بووە، کە رۆژی ٧ی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بە هێرشێکی رۆکێتی کە کراوەتەوە سەر ماڵی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق و کەمترین ریتویتیش یەك ریتویت بوە کە پێدەچێت لە لایەن ئەکاونتی نوسینگەی سەرۆك کۆمارەوە بووبێت و تویتەکە سەبارەت بە بەشێك لە دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك کۆمارە بۆ بوژاندنەوەی وڵاتی میزۆپۆتامیا و روبەڕووبونەوەی مەترسییەکانی وشکە ساڵی. بەسەرنجدان لەتویتەکانی سەرۆك کۆمار، لەماوەی زەمەنی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت، زۆرترین جار ئەو تویتانە ریتویت کراون، کە بەزمانی عەرەبیی نوسراون بە بەراورد بەوانەی بە زمانی کوردیی نوسراون، ئەمەش رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت زۆرترین ئەو بەکارهێنەرانەی فۆڵۆینی ئەکاونتەکەی بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراقیان کردوە، پێدەچێت عەرەب زمان بن.

سەبارەت بە ئەکاونتی فەرمی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق، لە کاتێکدا لە ماوەی دوو مانگی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، تەنیا (٥٦) تویتی کردوە، بەتێکڕای کەمتر لەتویتێك لە رۆژێکدا، بەڵام نزیکەی هەشت هەزار جار ئەو تویتانە ریتویت کراونەتەوە لە لایەن ئەو بەکارهێنەر و ئەکاونتانەی فۆڵۆینی ئەکاونتەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراقیان کردوە. بەوەش هەلی بینینی ئەو تویتانە لە لایەن بەکارهێنەرانی ترەوە زیاتر لە (١٤٠) جار زیاتر رەخسێنراوە بۆ تویتەکانی سەرۆکوەزیران. ئەم ریتویتکردنەش وەکو لەسەرەوە باسمان کرد، ئاماژەی پشتیوانی ناڕاستەوخۆیە لە هەڵوێست و چالاکییەکانی سەرۆکوەزیران یان دەربڕینی هاوسۆزییە بۆی بە تایبەتی کە بە گوێرەی داتای تویتەکانی، ئەو تویتەی زۆرترین ریتویت کراوەتەوە، کە تیایدا باس لە کاردانەوەی خۆی دەکات سەبارەت بەو هێرشەی بەدرۆن کرایە سەر ماڵەکەی لە شەوی ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١. تویتەکانی تری پەیوەست بەو روداوەش بەژمارەیەکی زۆر لە لایەن فۆڵۆوەری ئەکاونتەکەی سەرۆکوەزیرانی عێراقەوە بە هەمان شێوە ریتویت کراونەتەوە، ئەمەش پێدەچێت بۆ ئیدانەکردنی ئەو کارە بێت لە لایەن گروپە چەکدارەکانەوە لە لایەك و بۆ دەربڕینی پشتیوانیش بێت بۆ کازمی.

لە کاتێکدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی دوو مانگی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە، تەنیا (١٣) تویتی کردوە، بەڵام لەو ماوەیەدا تویتەکانی زیاتر لە (٦٥٨) جار ریتویت کراوەتەوە لە لایەن فۆڵۆوەرەکانی. بەمەش چانسی بینی تویتەکانی لە لایەن بەکارهێنەرەکانی تویتەرەوە زیاتر لە (٥٠) جار زیاتر بووە. زۆرترین ریتویتیش بۆ تویتێکی ئیدانەکردنی هێرشکردنە سەر ماڵی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بووە، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە شەوی (٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) بە زمانی عەرەبیی نوسراوە، ئەمەش پێدەچێت بۆ پشتیوانیکردنی هەڵوێستی هەرێم لەو هێرشە سەرچاوەی گرتبێت و بەشێك بێت لەو شەپۆلی هاوسۆزییەی بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق لە نێو خزمەتگوزاریی تویتەر دەربڕراوە، هەرچەندە نازانرێت لەسەر چ بنەمایەك و بە چ مەرامێك بەکارهێنەرانی تویتەر لە هەرێم و کوردستان ریتویتی تویتەکان دەکەنەوە.

کەمترین ریتویتی تویتەکانی نێچیرڤان بارزانی، بۆ تویتێك بوە سەبارەت بە کۆبونەوەی لەگەڵ میری قەتەر و بە زمانی کوردیی نوسراوە. کەم ریتویتکردنی ئەو تویتەش پێدەچێت پەیوەندی بەوەوە بێت، کە دیدارەکە

جێی بایەخی بەکارهێنەرانی تویتەر بەتایبەتی ئەوانەی کوردزمانن نەبووبێت.
هەرچی پەیوەستە بە تویتەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە، کە کۆی گشتی (٨٤) تویتن، زۆرترین جار ریتویتی زیاتر بوە لە (٢٦٠) جار کە ریتویتکردن بۆ تویتێکی پەیوەندار بە بڕیارێکی سەبارەت بە رەوشی ناحیەی عەینکاوای مەسیحی نشینو بە زمانی ئینگلیزیی بووەو کەمترین ریتویتیش بۆ چەند تویتێکی بوە کە (١٢) جاربوە لە لایەن ئەوانەی فۆڵۆینی ئەکاونتی فەرمی سەرۆکی حکومەتی هەرێمیان کردوە. زۆرترین ریتویتکردنی ئەو تویتەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە، پێدەچێت دەربڕینی پشتیوانی ناڕاستەوخۆ بێت بۆ بڕیارێکی سەرۆکی حکومەت، کە تایبەتە بە پاراستنی موڵکوماڵی مەسیحینشینەکانی هەرێم لە زەوتکردنو دەستبەسەرداگرتن لە لایەن کەسانی بە نفوزەوە.
بە گوێرەی داتاکانیش، لە ماوەی زەمەنی سامپڵەکانی توێژینەوەکەدا، زیاتر لە (٤٢٠٠)جار، تویتەکانی مەسرور بارزانی ریتویتکراونەتەوە، کە دەکاتە (٥٠) هێندەی کۆی ژمارەی تویتەکان.
بە بەراوردکردنی پرۆسەی ریتویتکردنی تویتەکانی هەر چوار ئەکاونتی کەسیی سامپڵی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، تێکڕای ریتویتێکردنی تویتەکانی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بەپلەی یەکەم دێت بە زیاتر لە (١٤٠) هێندەی ژمارەی تویتەکان و دوای ئەویش ریتویتکردنی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دێت بە (٥٠) هێندەی کۆی تویتەکان و ریتویتکردنی تویتەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە (٤٩) هێندەی کۆی تویتەکان بەپلەی سێیەم و ریتویتکردنی تویتەکانی بەرهەم ساڵح سەرۆك كۆماری عێراق بەپلەی چوارەم دێت. ئەم ریتویتیکردنەش تا رادەیەکی زۆر پێناچێت پەیوەندی هەبێت بە ژمارەی فۆڵۆری ئەکاونتەکانەوە، بەو پێیەی هەردوو ئەکاونتەکەی مستەفا کازمی و بەرهەم ساڵح زۆرترین فۆڵۆوەریان هەیە و زیاترە لەیەك ملیۆن فۆڵۆوەر وەکو لەخشتەی ژمارە (٦) خراوەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٦) ناوی ئەکاونتو ژمارەی فۆڵۆوەری سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | ژمارەی فۆڵۆوەرەکان |
|---|---|---|
| ١- | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ١١٠٠٠٠٠ |
| ٢ - | بەرهەم ساڵح سەرۆك كۆماری عێراق | ١٠٠٠٠٠٠ |
| ٣- | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٤٦٥٣٠٠ |
| ٤- | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ٢٨٦٢٠٠ |

ئەمەش ئەوە دەردەخات ریتویتکردنی تویتەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی تویتەرەوە پرۆسەیەکی هەڕەمەکی نییە بەڵکو تا رادەیەکی زۆر دەربڕینی پشتیوانیی یان جێی بایەخدانە و بەکارهێنەرەکان بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم تایبەتمەندییەی مایکرۆبلۆگی تویتەردا دەکەن.
سەبارەت بە پرۆسەی کۆمێنتی بەکارهێنەران کە بە (replay@) ناسراوە لە خزمەتگوزاریی تویتەر، بەسەرنجدان لەتویتەکان دەردەکەوێت، بە ژمارەی جیاواز جیاواز کۆمێنت دراوە لەسەر تویتەکان وەکو لەخشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە (٧)، ژمارەی کۆمێنتەکانی تویتەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ناوی ئەکاونتەکان | کۆی تویتەکان | کۆی کۆمێنتەکان |
|---|---|---|---|
| ١- | بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق | ٢٢ | ٢٤٨٨ |
| ٢ - | مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق | ٥٦ | ٦٣٤٥٦ |
| ٣- | نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان | ١٣ | ٧٥٧ |
| ٤- | مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان | ٨٤ | ٣٧٨٠ |

بە گوێرەی خشتەکەی سەرەوە، زیاتر لە (٢٤٠٠) کۆمێنت دراوە لەسەر (٢٢) تویتی بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق، بە تێکڕای زیاتر لە (١١٣) کۆمێنت لەسەر هەر تویتێك. بە سەرنجدان لەسەر داتای تویتەکانی بەرهەم ساڵح سەرۆك کۆماری عێراق دەردەکەوێت، زۆرترین کۆمێنت لەسەر تویتێکی سەرۆك کۆمار دراوە، کە تیایدا ئیدانەی هێرشی سەر ماڵی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراقی کردوە، ئەمەش پێدەچێت وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا دووبارە لەدەربڕینی هاوسۆزییەوە بێت بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەروەکو چۆن ئەو رووداوە یەکێك بووە لەو بابەتانەی لەماوەی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، ریتویتێکی زۆر کراوە و کۆمێنتی زۆریشی لەسەر دراوە لەلایەن بەکارهێنەرانی تویتەرەوە.

سەبارەت بەکومێنتدان لەسەر تویتەکانی مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە، لەکاتێکدا (٥٦) تویتی کردوە بەڵام زیاتر لە (٦٣) هەزارو (٤٥٠) کۆمێنت دراوە لەسەر تویتەکان، بەتێکڕای زیاتر لە لە (١١٣٠) کۆمێنت بۆ هەر تویتێك.

زۆرترین کۆمێنتیش لەسەر تویتێکی سەرۆکوەزیرانی عێراق دراوە، کە کاردانەوەی خۆی خستوەتەڕوو سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەتی و بەزمانی ئینگلیزیی نووسراوە، لە رۆژی ٢٥ی مانگی تشرینی دوەمی٢٠٢١. لەو تویتەیدا، سەرۆکوەزیران وێڕای جەختکردنەوە لە مافی دەستوریی خۆپیشاندان، داوای سەلامەتی گیانی خۆپیشاندەران و بەکارنەهێنانی توندوتیژی دەکات بەرامبەریان. گەرچی تویتەکە بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە، بەڵام زۆرترین کۆمێنتی لەسەر دراوەو بەشی هەرەزۆری کۆمێنتەکانیش پەیوەندییان بەنێوەرۆکی تویتەوە نییە.

کۆی کۆمێنتە دراوەکان لەسەر تویتەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم کوردستان کە کەمترین کۆی تویتی سامپڵی توێژینەکەیە (٧٥٧)و بەتێکڕای زیاتر لە (٥٨) کۆمێنت بۆ هەر تویتێك. بەسەرنجدانێکی خێرا لە داتاکانی پەیوەست بەئەکاونتەکەوە دەردەکەوێت زۆرترین کۆمێنت لەسەر تویتێك دراوە کە بەزمانی کوردییەو تێیدا سەرۆکی هەرێم ئیدانەی توندوتیژیی دەکات بەرامبەر ئافرەتان لە رۆژی جیهانی ئافرەتان. لە بەشێکی کۆمێنتەکاندا ئاماژە بەو توندوتیژییانە کراوە کە لەمیانی بەرێوەچوونی گردبوونەوەی خوێندکارانی زانکۆ لەو رۆژانەدا بەرامبەر کچە خوێندکارێك کراوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەکارهێنەران خوازیاری بوونی سەکۆیەکی ئۆنلاینن بۆ گەیاندنی دەنگیان بەدەسەڵاتداران، هەرچەند ئەم کۆمێنتانە هیچ وەڵامێك نادرێنەوە.

پەیوەست بە ریپلەی بۆ تویتەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێم، لەماوەی زەمەنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بە گوێرەی داتاکان لە ماوەی (مانگی تشرینی یەکەم‌و تشرینی ٢٠٢١)، زیاتر لە (٣٧٠٠) کۆمێنت دراوە لە سەر تویتەکانی سەرۆکوەزیرانی هەرێم کە ژمارەی (٨٤) تویت بووە، واتە بەتێکڕای (٤٥) کۆمێنێت بۆ هەر تویتێك. زۆرترین کۆمێنتیش لەسەر تویتێك بوە، کە ڤیدیۆ کلیپێکە و تیایدا سوپاسی بەشداریی خەڵك دەکات بۆ دەنگدانیان و بەهەردوو زمانی کوردیی‌و ئینگلیزیی دانراوە.

گەرچی ژمارەیەکی زۆر کۆمێنت دراوە لەسەر ئەو تویتانەی لەئەکاونتی کەسیی بەرپرسە باڵاکانی عێراق و هەرێم دانراوە، بەڵام هیچکام لە کۆمێنتەکان وەڵامنەدراونەتەوە. بەسەرنجدانێکی خێرا لەسەر کۆمێنتەکان، ئەوەی جێی سەرنجە بەشی زۆری کۆمێنتەکان پەیوەندی نییە بە ناوەرۆکی تویتەکەوە بەڵکو بەکارهێنەران دەیانەوێت لە رێی مایکرۆبلۆگی تویتەوە دەنگیان بگاتە بەرپرسان، لەگەڵ ئەوەشدا ریپلەی بەکارهێنەرانی تویتەر بۆ هەندێك لە تویتەکان رەخنەگرتنە لەسەر ئەوەی قسەی بەرپرسان و کرداریان وەکو یەك نییە. لەتویتەکاندا شتێك دەڵێن و کاردانەوە و هەڵوێستەکانیان بەجۆرێك دەردەخەن و لە واقیعیشدا جۆرێکی ترە. ئەمەش دەریدەخات کە بەکارهێنەرانی ئەم خزمەتگوزارییە بە جیاوازیی مەرامیان لەبەکارهێنانی، خواستیانە سۆشیاڵمیدیای تویتەر ببێتە کەناڵێکی کۆمیونیکەیشن بۆ پەیوەندیکردن بە سیاسەتمەدارانەوە، بەڵام سیاسەتمەداران نایانەوێت ئەم مایکرۆبلۆگە ببێتە کەناڵێك بۆ دروستبونی کۆمیونیکەیشنێکی لەو شێوەیە و دەیانەوێت لە رێی ئەم سەکۆ ئۆنلاینەوە تەنیا چالاکی و هەڵوێستەکانیان بۆ خەڵکی ناوخۆ و دەرەوە بخەنەڕوو، بە بەڵگەی ئەوەی بە سێ زمان تویت دەکەن، بەڵام ئامادەنەبوون وەڵامی هیچکام لەو ریپلایانەی بەکارهێنەران بدەنەوە، کە ئاراستەیان کراوە لە رێی ئەو خزمەتگوزارییانەی تویتەر رەخساندویەتی، بە تایبەتی لەماوەی هەڵبژاردنیشدا. خاڵێکی تری جێی سەرنج ئەوەیە، ئەو بەرپرسانەی ئەکاونتەکانیان دەستنیشانکراوە وەکو سامپڵی ئەم توێژینەوەیە بە هیچ شێوەیەك پەنایان نەبردوە بۆ بەکارهێنانی هاشتاگ (#)، کە یەکێکە لەخزمەتگوزارییە دیارەکانی مایکرۆبلۆگی تویتەر و ئامانج لێی دروستکردنی رایەکی گشتی و دیبەیتە سەبارەت بە بابەتێك. پەنانەبردنی بەرپرسان بۆ بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزارییە، رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە بەرپرسان خواستیان نەبێت تویتەر بکەنە سەکۆیەکی ئۆنلاین بۆ دیبەیتی سیاسیی‌و کەمپین سەبارەت بەهەر بابەتێك بێت، کە جێی بایەخی خەڵك‌و بەکارهێنەرانی ئەم خزمەتگوزارییەیە.

## گفتوگۆو دەرئەنجام:

سەبارەت بەئەکاونتی کەسیی سەرۆك کۆمار، ئەو هەواڵ و بابەتانەی لە قەبارەی تویتێك زیادتربون، شۆرتینلینکی بۆ کراوە و لە هەمان ئەکاونتی کەسیی سەرۆك کۆمارەوە لە رێی کلیککردنی کۆماندی (show this thread)ەوە دەتوانرێت ببینریت، کە بە چەند تویتێکی یەك لەدوای یەك بڵاوکراوەتەوە. بەشێك لە تویتەکانی ئەکاونتی کەسیی سەرۆك کۆماریش ریتویت کراوەتەوە بۆ ئەکاونتی فەرمیی سەرۆکایەتی کۆمار. هەروەك، ئەو تویتانەی بەزمانی عەرەبی دانراون، وەرگێڕراون بۆ زمانی کوردی. جگە لەوەی، ڤیدیۆی وتاری سەرۆك کۆمار بڵاوکراوەتەوە کە ماوەکەی نزیکەی (٦) خولەکە و هاوپێچی تویتێك کراوە؛ ڤیدیۆی ئەو وتارانەی سەرۆك کۆماریش کە هاوپێچی تویتە کوردییەکان کراون، بەکوردیش خوێنراونەتەوە. بەسەرنجدانێکی خێرا دەردەکەوێت کۆمێنت و لایك و ریتویتی تویتە عەرەبییەکان، زیاترن بە بەراورد بە زمانی کوردی، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە کۆمێنتەکان هەر بە زمانی عەرەبی نوسراون. بەیاننامەکانی سەرۆك کۆمار بەهەردوو زمانی کوردیی‌و عەرەبیی وەکو وێنە تویت کراون. لە هەندێك باردا، لە ئەکاونتی کەسیی سەرۆك کۆمار، تویتی رۆژنامەو کەناڵەکان

ریتـوت کراوەتـەوە. دارشـتنی تویتەکانـی بەرهـەم سـاڵح سـەرۆك کۆمـاری عێـراق بـە فۆرمێکـی تارادەیـەك کەسـییەو بـە نـاوی خۆیـەوە تویتـی کـردوەو ئاوەڵنـاوی کەسـی یەکەمـی قسـەکەریی بەکارهێنـاوە، هـەم لەتویتـە کوردییـەکان‌و هـەم لەتویتـە عەرەبییـەکان.

ئـەوەی تێبینـی دەکرێـت، هـەواڵ و چالاکییەکانـی رۆژانـەی سـەرۆك کۆمـار لـە ئەکاونتـی فەرمـی سـەرۆك کۆمـارەوە بڵاوکراوەتـەوە، ئـەوەی لـە ئەکاونتـە کەسـییەکەی بڵاویکردوەتـەوە زیاتـر کاردانەوەکانیەتـی بەرامبـەر روداو و پێشـهاتەکان، نـەك چالاکییـە سیاسـییەکانی و کۆمەڵایەتیەکانـی. تویتـی بەهـەر سـێ زمانـی کوردیـی‌و عەرەبیـی‌و ئینگلیزیـی کـردوە، ئەمـەش بەپێـی سروشـتی ناوەڕۆکـی تویتـەکان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەکاونتی کەسـی سـەرۆك کۆمار نەبوەتـە ئاوێنەنمـای چالاکییەکانـی و هەمـوو چالاکییەکانـی سـەرۆك کۆمـاری تێـدا نییـە. کەمتریـن چالاکـی تویـت کـراوە و بەشـی هـەرەزۆری تویتەکانـی، گوزارشـتکردنە لـە هەڵوێسـتی سـەرۆك کۆمـار بەرامبـەر روداوو پێشـهاتەکان.

سـەبارەت بـە ئەکاونتـی فەرمـی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق، ئـەو تویتانـەی بڵاوکراونەتـەوە بەشـێك سرێـد (thread) ی بـۆ کـراوە لـە ئەکاونتـی نوسـینگەی راگەیاندنـی سـەرۆك وەزیـران. ئـەوە لەکاتێکـدا، هەمـو ئـەو تویتانـەی لـە ئەکاونتی فەرمـی سـەرۆکوەزیرانەوە بڵاوکراونەتـەوە، لـە ئەکاونتـی فەرمی نوسـینگەی راگەیاندنەکەیشـی بڵاوکراوەتـەوە. هاوکات، بەشـێك لـە تویتـەکان کـە ژمارەیـەك بڕیـار لـە خۆدەگرێـت و زیاتـرە لەقەبـارەی (٢٨٠) پیـت، شـۆرتلنیك کراوەتـەوە بـە پەیجـی فەرمـی نوسـینگەی راگەیاندنـی سـەرۆکوەزیران لەتـۆڕی کۆمەڵایەتیـی فەیسـبوك، کـە ئەمـە ناونیشـانەکەیەتی: (https://www.facebook.com/IraqiPMO).

بەشـی زۆری تویتـەکان، کـە لـە ئەکاونتـی کەسـیی سـەرۆکوەزیرانی عێراقـەوە بـە هـەر سـێ زمانـی کوردیـی و عەرەبیـی و ئینگلیزیـی و لـە هەندێـك بـاردا تەنیـا بـە هـەردوو زمانـی کوردیـی و عەرەبیـی بڵاوکراوەتـەوە، تەنیا بەزمانی عەرەبیـی لەئەکاونتـی نوسـینگەی راگەیاندنەکـەی سـەرۆکوەزیرانەوە بڵاوکراونەتـەوە. لـە کاتێکـدا زمانـی کوردیـی هاوشـانی زمانـی عەرەبیـی لـە دەسـتوری عێراقـدا بـە زمانـی فەرمـی ناسـێنراوە.

بەشـێکی زۆری ئـەو تویتانـەی جگـە لـە زمانـی عەرەبیـی بـە هـەردوو زمانـی کوردیـی و ئینگلیزیـی دانـراون، پێکدێـت لـە پیرۆزبایـی بەبۆنـەی هەڵبـژاردن و بۆنـەی ئایینـی پێکهاتـەکان یـان پرسـە و سەرەخۆشـی لـە کەسـوکاری قوربانیـان و ئیدانەکردنـی هێرشـی چەکدارەکانـی داعـش و هەڵوێسـتی سـەرۆکوەزیران لـە خۆپیشـاندانەکانی هەرێـم و عێـراق. هەروەهـا، لەکاتـی پێشکەشـکردنی وتەیەکـدا، تەنیـا تویتی سـەرەکی لـە ئەکاونتی فەرمـی سـەرۆکوەزیران بڵاوکراوەتەوە و قسـەکانی تـری کراونەتـە چەندیـن تویـت و لـە ئەکاونتـی فەرمـی نوسـینگەی سـەرۆکوەزیران بڵاوکراونەتـەوە. هـەروەك هەمـان ئـەو تویتـە دواتر دانـراوە و شـۆرتلنیك کراوەتـەوە بـە پەیجـی فەرمـی نوسـینگەی سـەرۆکوەزیران لە خزمەتگوزاریـی فەیسـبوك و هەمـووی بەیەکـەوە و بەیـەك پۆسـت بڵاوکراوەتـەوە، لەگـەڵ ژمارەیـەك وێنـەی کەسـیی سـەرۆکوەزیران، ئـەوەش لەبەرئـەوەی سۆشـیاڵمیدیای فەیسـبوك، قەبـارەی پۆسـتەکانی سـنوردارنەکردوە بـە چەنـد پیتێـك و، ژینگەیەکـی سـنووردارکراوی بـۆ بڵاوکردنـەوەی پەیامـەکان دەستنیشـان نەکـردوە. بەشـێك لـەو تویتانـەی دانـراوە، تەنیـا هەواڵـی چالاکـی سـەرۆکوەزیران نییـە بەڵکـو بەشـێکە لـە کامپینـی هەڵبـژاردن، وەکـو ئـەو تویتانـەی رۆژی (١٠ی مانگـی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢١) تویتکـراون‌و هانـی خەڵـك دەدات بچـن بەشـداریی پرۆسـەی هەڵبـژاردن بکـەن، کـە ئـەو رۆژە بەڕێوچـووە و بـاس لـە بایەخدانـی بەشـداریکردنیان دەکات لـە پرۆسـەکەدا.

ئـەوەی جێـی سـەرنجە، بەشـێکی تویتـەکان لـە ئەکاونتـی فەرمـی نوسـینگەی راگەیاندنـی سـەرۆکوەزیران و شـانەی ئەمنـی سـەر بـە نوسـینگەی سـەرۆکوەزیرانەوە ریتویـت کراوەتـەوە، وەکـو هەواڵێـك داڕێـژراوەو زمانی دارشـتنەوەکەی ئاوەڵنـاوی کەسـیی یەکـەم نییـە و، سـتایلێکی فەرمـی وەرگرتـووەو بـە فۆرمـی هـەواڵ و کەسـیی سـێیەمی تـاك داڕێژراوەتـەوە. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە ئـەو تویتانـە لـە لایـەن خـودی سـەرۆکوەزیرانەوە تویـت نەکـراون،

هەرچەندە تویتەر وەکو خزمەتگوزارییەکی مایکرۆبلۆگ تا رادەیەکی زۆر سەکۆیەکی ئۆنلاینی کەسییە. هەروەك لێدوانەکانی سەرۆکوەزیران لەبۆنەکاندا، تەنیا سەرەکییەکەی لە ئەکاونتی فەرمی سەرۆکوەزیران لە تویتەر دانراوە و شۆرتلینکی بۆ دانراوە و بە چەند تویتێك لە ئەکاونتی فەرمی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانەوە دانراوە. لە هەندێك باریشدا، دوو تویت لەسەر روداوێك کراوە و هەردوکیشی لە ئەکاونتی فەرمی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانەوە ریتویت کراوە. ئەمەش دەریدەخات تویتەکان هەڵبژێراون و بەفۆرمێکی فەرمی دانراون نەك بە فۆرمێکی تاکە کەسیی دابڕێژرێنەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، زۆرینەی هەرە زۆری تویتەکان تەنیا وێنەی لەگەڵ دانراوە، هیچ ڤیدیۆیێك دانەنراوە لەگەڵ تویتەکان. هەندێك جار تویتەکان دیزاینیان بۆ کراوە و لەگەڵ وێنەیەکی سەرۆکوەزیران بڵاوکراونەتەوە. لەهەندێك باریشدا تویتەکان تەنیا دێڕێکەو وێنەیەکی هاوپێچ کراوە، سەردێڕێکی هەواڵییە. هەندێك جار چەند وێنەیەك هاوپێچ کراوە لەگەڵ تویتەکە و وردەکاریی زیاتر لەسەر روداوەکە یان چالاکییەکە بەستراوەتەوە بەلینکێك لە ئەکاونتی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانەوە. لە هەندێك باردا تویتێك لە ئەکاونتی فەرمی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیران دانراوە و شۆرتلینك کراوە بۆ ئەکاونتی کەسیی سەرۆکوەزیران و بەهەردوو زمانی کوردیی و ئینگلیزییش هەمان تویت دانراوەتەوە. لە تویتێکدا پەیامێکی ڤیدیۆیی سەرۆکوەزیران دانراوە کە ماوەی (٤٥) خولەکە و تایبەتە بەو هێرشە موشەکییەی شەوی (٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢١) کرایە سەر ماڵەکەی. ئەم پەیامە کە زۆرترین کۆمێنتی لەسەر دراوە (٢٨٨٩ کۆمێنت)، (١٦٦٤ جار ریتویت کراوە)و لەلایەن (١٢٩٠٠) بەکارهێنەری تویتەر لایك کراوە. ئەمەش پێدەچێت بۆ دەربڕینی هاوسۆزی بووبێت بۆ مستەفا کازمی. جگە لە لێدوانەکان، بەیاننامەکانیش، تویتێکی کە نزیکەی (٢٨٠) پیت بوە یان دوو تویتی بەو قەبارە دانراوە لە ئەکاونتی فەرمی کەسیی سەرۆکوەزیران و بڕگەکانی تری لە ئەکاونتی فەرمی نووسینگەی سەرۆکوەزیران دانراوە لەشێوەی چەند تویتێکدا.

لە لایەکی ترەوە، هەموو ئەو تویتانەی لە ئەکاونتی کەسیی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمدا بڵاوکراوەتەوە، هاوکات لە ئەکاونتی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێمیش لەتویتەر بڵاوکراوتەوە. ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە ئەکاونتی فەرمی سەرۆکایەتی هەرێم لە تویتەر، تویتی زیاتر کراوە لەبارەی چالاکییەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە. هەندێك هەواڵی چالاکییەکانی بڵاوکراوتەوە، ریتویت نەکراوە بۆئەوەی لە ئەکاونتی کەسییەوە بڵاوبکرێتەوە. لە میانی کامپینی هەڵبژاردندا، یەك ڤیدیۆ وتارەکانی لەمیانی بەشدارییکردنی لە کامپینی هەڵبژاردن بەزمانی عەرەبیی بڵاوکراوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی، تویتەکان کورتن و ئەگەر پەیامەکە درێژبووبێت بە سودوەرگرتن لە تایبەتمەندی شۆرتلینك بەستراوە بە وێبسایتەوە، تویتێکی کورتی یەك دێڕ یان یەك دێڕ و نیوی بۆ نوسراوە.

سەبارەت بە تویتەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت، کەمیان لە ئەکاونتی فەرمی حکومەت بڵاوکراونەتەوە. ئەوانەیشی بڵاوکراونەتەوە بەشی هەرە زۆریان کراون بە کوردیی. بەشێك لە هەواڵی چالاکییەکانی سەرۆکی حکومەت لە ئەکاونتی فەرمی حکومەت بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ئەکاونتی تویتەری فەرمی سەرۆکوەزیراندا دانەنراوە. هەروەك بەشێك لە تویتی ئەکاونتی سەرۆکی حکومەتیش، لە ئەکاونتی حکومەت بڵاوکراوەتەوە بە تایبەتی ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزیی نوسراون و پەیامی ڤیدیۆین و ژێرنوسیان بۆ کراوە بە زمانی کوردیی.

هەواڵی پێشوازیی و کۆبونەوەکانی سەرۆکی حکومەت، بەشی زۆری لە ئەکاونتی فەرمی حکومەت لەتۆڕی خزمەتگوزاریی تویتەر بڵاوکراوەتەوە و ئەوەی لە ئەکاونتی کەسیی خۆیەوە بڵاویکردوەتەوە، تا رادەیەکی زۆر مۆرکێکی کەسیی پێوە دیارەو بەناوی خۆیەوە بڵاویکردوەتەوە. هەوڵدراوە ئەوەی پێی وایە دەستکەوتی کابینەکەیەتی بە دیارییخاتو بۆ ئەو مەبەستەش؛ چەندین پەیامی ڤیدیۆیی لەبارەی کارنامەی حکومەت لەبواری

پاراستنی ژینگەو بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ و لایەنی فەرهەنگیی و هاندانی لاوان بەتایبەتی دەرچووانی زانکۆکەکان بۆئەوەی رۆڵیان هەبێت، لە دیارییکردنی ئایندەیان دروستکراوە و بەشێکن لەو تویتانەی رۆژانە لە ئەکاونتی فەرمی سەرۆکی حکومەتەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەو پەیامە ڤیدیۆییانەی بڵاوکراونەتەوە، بەشێکی قسەی خودی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتە بە تایبەتی لەدیداری زانکۆکەکان. وتەیەکی نێو قسەکان کراوەتە سەردێڕیی تویتەکان و لەخوارەوەش ڤیدیۆیەکی قسەکانی دانراوە.

## پێشنیار بۆ توێژینەوەی داهاتوو:

چۆنیەتی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی سیاسەتمەدارانی کورد لەرێی سۆشیاڵمیدیاوە، کەببێتە ئەگەریی بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسیی رەهەندێکی تری گرنگی توێژینەوەیە لەبواری بەکارهێنانی سۆشیاڵمیدیای هاوشێوەی تویتەر بۆ کۆمیونیکەیشنی رامیاریی.

لە لایەکی ترەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی توێژینەوەکان دەریدەخەن یەکێك لە فاکتەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بۆ پۆلێتیکەڵ کۆمیونیکەیشن قەبارەی پارتە جیاوازییەکانە، تائێستا هیچ توێژینەوەیەك بەردەست نییە سەبارەت بەجیاوازیی بەکارهێنانی تویتەر بۆ مەرامی کۆمیونیکەیشنی رامیاریی لەنێو حزبەکانی هەرێمی کوردستان. ئەو بوارە یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی دەکرێت لە داهاتوودا توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت.

هەروەها سەرەڕای بایەخی زۆری تویتەر لە کایەی سیاسیی و بەتایبەتی لەساتی روداوە هەستیارەکان و کامپینی هەڵبژاردنەکاندا، تائێستا نازانرێت کاردانەوەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان چییە سەبارەت بەپەیامی سیاسییەکان لەرێی سەکۆ ئۆنلاینەکانەوە. ئەم لایەنە دەکرێت لەداهاتوودا تیشکی بخرێتەسەر و پێشبینیەکانی خەڵك لەبارەی ئەو پەیامانەوە روونبکرێنەوە. توێژینەوەیەکی تری گرنگ، رەنگە پەیوەندی هەبێت بە سروشتی ئەو چالاکییانەی کە بەرپرسان بڵاوی دەکەنەوە لەرێی تویتەرەوە.

# Using Twitter as political communication channel by Iraqi and Kurdistan region officials


## Abstract

Twitter as a micro-blog becomes a channel for political communication as well as an online platform for political debates regarding political issues and expressing support for or rebuffing political groups and parties. The properties of twitter that allows tweeting with ٢٨٠ characters, enforce politicians to write down tweets carefully and choose terms and words skillfully in a way that convey messages to their supporters and fans adding to those whom following them on twitter.

Like politicians throughout the world, Iraqi and Kurdistan regions' politicians are using twitter to tweet daily activities and their stands towards internal and outer situations with the three languages of Kurdish, Arabic and English. Survey method is used in this study for surveying within two month tweets of four high rank politicians in Iraq and Kurdistan region including Barham Salih Iraqi president, Mustafa Al-kadhimi Iraqi Prime Minister, Nechirvan Barzani Iraqi Kurdistan region president and Masrour

Barzani Kurdistan regional government prime minister. According to the study, despite a huge amount of replays on the politicians' tweets, there is not any political debates occurred between the Iraqi and Kurdistan regional officials and their followers on twitter. In other word, using twitter by officials lack on interactivity and the directions of messages take one side. In addition, news and information posted by officials on twitter are a mixture of texts, photos and videos as well as due to limitation of tweets in terms of size, part of tweets are shorten-linked to other social media such Facebook and Youtube.

**Keywords: twitter, political communication, comment, hashtag, follower, tweet**

## استخدام منصة تويتر من قبل السياسيين العراقيين واقليم كردستان للأتصال السياسي

**الخلاصة:**

في وقتنا الحاضر أصبح تويتر قناة للاتصال السياسي بصورة صارت منصة الكترونية للمناضرات ومناقشة المواضيع السياسية واظهار المساندة او رفض للجماعات والاحزاب السياسية. ان طبيعة تويتر التي تسمح بتغريدات بحجم ٢٨٠حرف، اجبر الساسة على صياغة تغريداتهم واختيار الكلمات والجمل بعناية من أجل ايصال رسائليهم في حدود عدة اسطر الى مناصرهم واناس صاروا يتبعهم من خلال تويتر. المسئولون في العراق واقليم كردستان مثل بقية الساسة في انحاء العالم، يستخدمون منصة تويتر لاعلام الناس بفعالياتهم ومواقفهم من القضاياء الداخلية والخارجية باللغات الثلاثة: الكردية والعربية والانجليزية.

استخدم الباحث طريقة المسح، لمسح تغريدات عينة البحث لمسئولين عراقيين وهما برهم صالح رئيس جمهورية العراق ومصطفى الكاضمي رئيس الوزراء العراقي ومسئولين من اقليم كردستان وهما نيجيرفان بارزاني رئيس اقليم كردستان العراق ومسرور بارزاني رئيس حكومة اقليم كردستان لمدة شهرين (تشرين الأول وتشرين الثاني عام٢٠٢١) لتسليط الضوء على الاستراتيجية المتبعة من قبل المسئولين في استخدام منصة تويتر. ومن النتائج المهمة للبحث: ان المسئولين يستخدمون تويتر لنشر اخبارهم وفعالياتهم فقط وتجري عملية الاتصال السياسي باتجاه واحد ولاتوجد أي تفاعل عبر تويتر بين المسئولين ومستخدمي تويتر بغية مناقشة القضايا الجوهرية المتعلقة بحياة الناس. كما أن المسئولين لم يلجأوا الى استخدام ميزة هاشتاغ ولو لمرة واحدة من اجل تعبيئة رأي الناس وتنظيم الحملات عبر المنصة. وكذلك فإن تغريدات المسئولين مزيج من الكلمات والصور والفيديوهات، وفي بعض الحالات ونتيجة لطبيعة المحددة لحجم التغريدات، فإن بعض التغريدات ارتبطت بلينكات مواقيع اجتماعية اخرى، مثل فيسبوك ويوتيوب.

**الكلمات الافتتاحية: تويتر، الاتصال السياسي، التعليقات، المتابعون، هاشتاغ، تغريدة**

## سەرچاوەکان:


Blumler, J. G., 2015. Core Theories of Political Communication: Foundational and Freshly Minted. Communication Theory, 25(4), pp. 426438-.

Bobba, G., 2019. Social media populism: features and 'likeability of Lega Nord communication on Facebook. Eur Polit Sci, Volume 18, p. 11–23.

Bode L, Dalrymple KE (2016) Politics in 140 characters or less: campaign communication, network interaction, and political participation on Twitter. J Polit Mark 15(4):311–332.https ://doi.org/10.10806 857.2014.95968 15377/

Breeze, R., 2020. Exploring populist styles of political discourse in Twitter. World Englishes, 39(4), pp. 550567-.

Cerón-Guzmán JA, León-Guzmán E (2016) A sentiment analysis system of Spanish tweets and its application in Colombia 2014 presidential election. In: Proceedings—2016 IEEE international conferences on big data and cloud computing, BDCloud 2016, social computing and networking, SocialCom 2016 and sustainable computing and communications, SustainCom 2016, pp 250–257. https://doi.org/10.1109/BDClo ud-Socia lCom-Susta inCom .2016.47

Coleman, S., & Blumler, J. G. (2009). The Internet and democratic citizenship: Theory, practice and policy. Cambridge, England: Cambridge University Press.

Dolezal, M. (2015). Online campaigning by Austrian political candidates: Determinants of using personal websites, Facebook, and Twitter. Policy & Internet, 7, 103–119. https:// doi.org/10.1002/poi3.83

Duncombe, C., 2019. The Politics of Twitter: Emotions and the Power of Social Media. International Political Sociology, Volume 13, pp. 409429-.

Eszter Hargittai & Eden Litt (2012) BECOMING A TWEEP, Information, Communication & Society, 15:5, 680702-, DOI: 10.10801369118/X.2012.666256

Gibson, R. K., & McAllister, I. (2015). Normalising or equalising party competition? Assessing

Graham, T., Jackson, D. & Broersma, M., 2014. New platform, old habits? Candidates' use of Twitter during the 2010 British and Dutch general election campaigns. New Media Society, pp. 119-.

Grimaldi, D., 2019. Can we analyse political discourse using Twitter? Evidence from Spanish 2019 presidential election. 9(49), pp. 19-.

Johnson, K. & Goldwasser, D., 2016. Identifying Stance by Analyzing Political Discourse on Twitter. s.l., s.n., pp. 6675-.

Kelm, O., 2020. Why do politicians use Facebook and Twitter the way they do? The influence of perceived audience expectations. Studies in Communication and Media, Volume 9, pp. 834-.

Kruikemeier, S., van Noort, G., Vliegenthart, R., & de Vreese, C. (2016). The relationship between online campaigning and political involvement. Online Information Review, 40, 673–694. https://doi.org/10.1108/OIR-110346-2015-

Machado, C. et al., 2018. News and Political Information Consumption in Brazil: Mapping the First Round of the 2018 Brazilian Presidential Election on Twitter, s.l.: The computational propaganda project. Algorithms, automation and digital politics..

McNair, B., 2011. AN INTRODUCTION TO POLITICAL COMMUNICATION. Fifth ed. Oxford: Routledge.

Rodrigues, U. M. & Niemann, M., 2019. Political communication Modi style: A case study of the demonetization campaign on Twitter. International Journal of Media & Cultural Politics, 15(3), pp. 361379-.

Stieglitz S, Dang-Xuan L (2013) Social media and political communication: a social media analytics framework. Soc Netw Anal Min 3(4):1277–1291. https ://doi.org/10.1007/s1327 83-0079-012-

Stier, S., Bleier, A., Lietz, H., & Strohmaier, M. (2018). Election campaigning on social media: Politicians, audiences, and the mediation of political communication on Facebook and Twitter. Political Communication, 35, 50–74. https://doi.org/10.1080609.2017.1334728 10584/ the impact of the web on election campaigning. Political Studies, 63.539547-, https://doi.org/10.11119248.12107-1467/

Vergeer M, Hermans L (2013) Campaigning on Twitter: micro-blogging and online social networking as campaign tools in the general elections 2010 in the Netherlands. J Comput- Mediat Commun 18(4):399–419. doi:10.1111/jcc4.12023

Zeitzoff, Thomas. 2018. "Does Social Media Influence Conflict? Evidence from the 2012 Gaza Conflict." Journal of Conflict Resolution 62 (1): 29–63.